کۆماری کوردستان
لەنێوان ئەفسانە و ڕاستی دا!

ئایا کۆماری کورستان بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەمەد، هەرێمی "خودموختاریدار" بوو، یان کۆمارێکی سەربەخۆی کوردی بوو!؟

نووسینی: سیروان کاوسی

بە درێژایی سەتەی بیستەم، نەتەوەی کورد سێ جار هەل ڕەخسابۆی، تا حکوومەت و کیانی نەتەوەیی خۆی پێکبێنێت. یەکەمیان مەملەکەتی شا مەحموودی بەرزنجی بوو، کە لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیدا دامەزرا و، ماوەی چەند ساڵێک لەگەڵ بریتانیای کۆلۆنیالیست کەوتە ناکۆکی و شەڕ و تێکهەڵپڕژانی چەکدارییەوە و، لە ئەنجامدا ساڵی ١٩٢٣ بە ئاگری بۆمبای فڕۆکە و هێرشی سەربازیی ڕووخێندرا و، باشووری کوردستان بە زۆری لەشکر لکێندرا بە خاک و سنووری دەستکردی عێراقی عەرەبەوە.

دامەزرانی دووەم دەوڵەتی کوردستان، لەشاری مەهاباد، لەڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٩٤٦ هاتەدی. لەو ڕۆژەدا، پێشەوا قازی محەمەد، لە گۆڕەپانی چوارچرا، لەڕێوڕەسمێکی گەورە و شکۆدار، بەبەشداریی هەزاران کوردی نیشتمانپەروەر و تینووی ئازادی و ڕزگاریی کوردستان، سوێندی یاسایی خوارد و دامەزرانی کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند و، بەو بۆنە پیرۆزەوە پەیامێکی بۆ جەماوەری بەشدار لە ڕێوڕەسمەکە و، بۆ نەتەوەی کورد خوێندەوە.

دامەزراندنی کۆماری کوردستان، هەروەک شانشینی باشووری کوردستان، لەسایی تێکچوونی بارودۆخی سیاسیی نێوچەکە و جیهان و بەهۆی هەلومەرجی دەرەکی و نێونەتەوەییەوە بوو.

شیاوی گوتنە، بەماوەی پێنج ساڵ پێش دامەزراندنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان، ڕێکخراوەیەکی گچکەی نهێنی، خاوەن بیری کورددایەتی بەنێوی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" (ژێکاف، لەلایەن چەند ڕۆشنبیرێکی مەهاباد و نێوچەی موکریانەوە دامەزرابوو. کۆمەڵەی ژێکاف یەکەم ڕێکخستنی ڕۆشنبیری و نەتەوەییی کوردی بوو لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، کە بلاوکردنەوەی تۆرە و پەرەپێدانی بیری ڕزگاری و یەکگرتنەوەی کوردستانی دابەشکراوی کردبووە ئامانجی خۆی. کۆمەڵەی ژێکاف، نەتەنێ لە مەهاباد و دەوروبەری، بەڵکو توانی پەل بهاوێژێ بۆ نێو ڕۆناکبیران و نیشتمانپەروەرانی بەشەکانی دیکەی کوردستان و، لق و کۆمیتە لە بەشەکانی دیکەشدا پێکبێنێت. چالاکی ڕۆشنبیری و تێکۆشینی نەتەوەیی "کاژێک"، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە پەرەپێدانی هەست و بیری ناسیۆنالیزمی کوردیی هەبوو، هەربۆیە پرانیی ئەو کەسایەتی و نیشتمانپەروەرانەی لە دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستاندا بەشداربوون و، ڕۆڵیان هەبوو، لەوانە وەک پێشەوا خۆی، هەر بە بیروبارەڕەی "کاژێک" ەوە دەیانڕوانییە حیزبە نوێکەوە، ئەوش بەرادەیەکی زۆر، لە نێوەرۆکی بەرنامەی پەسندکراوی کۆنگرەی یەکەمدا ڕەنگیداوەتەوە.

ئەورۆ، پاش شەست ساڵ کە بەسەر دامەزرانی کۆماری کوردستاندا تێدەپەڕێ. ڕۆناکبیر و لێکۆڵەوەر و سیاسەتکارانی کورد، هەروەها ئەندامانی کۆن و نوێی سەرکردەیەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، بیروڕا و شرۆڤەی جیاوازیان بەرامبەر ستراتیژی سیاسی و ئامانجی پێشەوا و ڕێبەرانی دیکەی کۆماری کوردستان هەیە. هێندێ کەس لەوباوەڕەدان کە کۆماری کوردستان هەموو پێناسە و پێوانەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی، لە خۆگرتبوو. هێندێکی دیکە بەتایبەتیی سەرۆکایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەسەر ئەوە سۆرن و، پێدادەگرن کە کۆماری کوردستان، دامەزراوەیەکی سیاسی بوو لە ڕۆژهەلات – لە قەوارەی "خودموختاری" (ئۆتۆنۆمی)- لەچوارچێوەی جوگرافیای سیاسیی ئێراندا و، نەیویستووە و لە بەرنامەیدا نەبووە، خۆی لە ئێران جوێ بکاتەوە.

گەر بمانەوێ پێناسەیەکی کورتی ئۆتۆنۆمی (خودموختاری) بکەین، مانای بەخشینی هێندێ مافی کولتووری و کۆمەلایەتی و سیاسیی نێوخۆیی لە هەرێمێک دەگەیەنێ کە لەلایەن ڕژێمی نێوەندیی (مرکزی) یەوە، دەبەخشرێ پێی. دیارە نێوەرۆک و ڕادەی بەخشینی ئەو مافەش، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە ئاستی بروا و تێگەشتنی سیاسی و، فەرهەنگی دێمۆکراسی نەتەوە و ڕژێمە سەردەستەکەوە، هەربۆیە، جێبەجێبوونی ڕێکەوتننامە و نیشتەجێبوونی قەوارەی ئۆتۆنۆمی لەچوارچێوەی ڕژێمەکانی دیکتاتۆر و داگیرکەردا، هیچ کات و زەمانێک نایەتەدی، چۆنکە ئەو ڕژێم و نەتەوانە، لە بنەڕەتدا بڕوایان بە دابەشکردنی دەسەلات و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و لە دێمۆکراسی نییە.

ئەوجا ئەو نێوچەیەی مافی ئۆتۆنۆمی وەردەگرێ، لەم سەرچاوە سەرەکییانەی خوارەوە کە دەبنە هۆی چەسپاندنی دەسەلات، بێبەش و بێوەریی دەبێ:

(*)١- سەربەخۆیی ئابووری: واتە لەباری ئابوورییەوە پێبەندی دەسەلاتی ئەو دەوڵەتە دەبێ کە لەژێر سێبەریدا دەژی.

٢- سەربەخۆیی سوپایی: واتە نابێ هیچ هێزێکی چەکداری هەبێ بۆ پارێزگاریکردن لە دەسەلاتی خۆی و لە سنوورەکانی.

٣- سەربەخۆیی لە پێوەندیی دەرەکی و دیپلۆماسیدا، واتە نابێ و ناتوانێ لەگەڵ هیچ دەوڵەتێکدا پەیمان ببەستێ و، لە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و گشت داوودەزگە جیهانییەکاندا نابێ نوێنەری هەبێ.

بە هەڵسەنگاندنی ئەو چەند خاڵەی سەرەوە، با بزانین، کۆماری کوردستان لەسەردەمی پێشەوا، لەبەرنامەی خۆیدا، چلۆن لەو خالانەی ڕوانیوە: .

١- پاش دامەزراندنی کۆمار، دەستکرا بە سازکردنی سوپا (ئەرتەش)ی کوردستان بۆ پارێزگاریکردن لە کۆمار و سنووری ژێردەسەڵاتی و، لە نیشتمانپەروەرانی بەشەکانی دیکەی کوردستان لەوانە بارزانی نەمر و، ئەفسەرانی لێهاتووی باشووری کوردستان یارمەتی وەرگرت بۆ پەروەردەکردنی هێزەکانی کۆمار. وەزارەتی جەنگ و وەزیری بەرگری دانران، کە ئەمانە هەمووی لە دەرەوەی دەسەڵاتی "هەرێمی ئۆتۆنۆمیدار" دان.

٢- لە هەرێمی ئۆتۆنۆمیداردا، نەخشەی سیاسی و ئاڵای حکوومەتی نێوەندیی بەرەسمی دەناسرێ، لە کاتێکدا پاش دامەزراندنی کۆماری کوردستان، ئاڵای ئێران لەنێوچەی ژێردەسەڵاتی فڕێدایە خوارەوە و، لە جێی، ئاڵای پیرۆزی کوردستان هەڵکرا.

٣- هەرێمی خودموختاری دار، نەخشە و سنووری جوگرافیایی حکوومەتی نێوەندیی بە ڕەسمی و قانوونی دەناسێ و، کا ر وتێکۆشینی ڕامیاری خۆی تێکەڵ بە بەشەکانی دیکەی کوردستان ناکات، کوردی بەشەکانی دیکە وەک ئەندامی ڕەسمی لەنێو حیزب و داوودەزگە و ئۆرگانی "هەرێمی ئۆتۆنۆمی" دا، وەرناگرن، چونکە ئەوانی دی، بە کوردی کوردستان نازانن بەڵکو بە "کوردی عێراق، یان ئێران، یان ترک و سووری" یان دەزانن و نێویان دەبەن. بەڵام لەسەردەمی کۆماردا، نیشتمانپەروەرانی کورد لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە دەچوونە ڕۆژهەڵات و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە لەنێو دەزگەکانی جۆراوجۆری کۆماردا پلە و دەسەڵاتیان پێدرابوو، بۆ پاراستن و گەشەپێدانی تێدەکۆشین و ئەو دەستکەوتەیان بە ڕۆناکی و چرای هەموو نەتەوەی کورد دەزانی.

٤- بەستن و مۆرکردنی پەیماننامە و پێوەندیی سیاسی و ئابووریی لەدەسەڵاتی هەرێمی خودموختاردا نییە، بەڵام دەستوور و بەرنامەی کۆمار دەڵێ: "**حکوومەتی میللی کوردستان بە لەبەر چاوگرتنی قازانجەکانی خۆی پێوەندیی فەرهەنگی و ئابووری لە گەڵ دەوڵەتانی تر، لە پلەی یەکەمدا لە گەڵ دەوڵەتی گەورەی یەکیەتیی سۆڤیەت دائەمەزرێنێ**" هەروەها لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان، بە سەرۆکایەتیی جەعفەر پیشەوەری، ڕێککەوتننامە و پەیمانی هاوکاری سوپای و سیاسیی مۆرکرد.

٥- حکوومەتی خودموختار مافی ئەوەی نییە، ئیمتیازی کانزا دەرهێنراو و دەرنەهێنراوەکانی نێوچەکەی خۆی، بدات بە هەر کەس کە بیەوێ، چۆنکە ئەوە لەدەسەلاتی حکوومەتی نێوەندیی (مرکزی) دایە. بەڵام بەندی ١٨ی دەستوور و بەرنامەی کۆماری کوردستان دەڵێ: "**حکوومەتی خودموختاری کوردستان ئەبێ دەسەڵاتی هەبێ کە ئیمتیازی دەرهێنانی کانە دەرهێنراو و دەرنەهێنراوەکانی کوردستان بدات بە هەرکەس کە بیەوێ**".

هەموو ئامانج و جەوهەری ڕامیاری دەرەوەی کۆمار لە مادەی (٢٠) دا ڕەنگدەداتەوە کە دەڵێ:

«حکوومەتی میللی پەرە بە ئابووریی کوردستان دەدا و لە هەموو شارەکاندا کارگە دادەمەزرێنێ، ئەبێ دەستی گلاوی ئیستعمار لە سامانی سروشتیی ئێمە ببڕێ. ئەبێ بۆخۆمان سوود لەم سامانە وەربگرین و لە هەمانکاتدا سوود بە مرۆڤایەتیش بگەیەنین».

لەم مادەی سەرەوەدا، حکوومەتی ئێران، وەک ڕژێمێکی داگیرکەر و کۆلۆنیالیست چاولێدەکرێت و، خوازیاری بڕینی دەستی گلاوی ئیستعمارە لە کوردستان، کە ڕژێمی کۆلۆنیالیستی ئێرانە.

* – خاڵێکی دیکە کە پێویستە ئاماژەی پێبکەین، ئەوەیە، ئێران لەوسەردەمەدا، سیستەمی پاشایەتیی هەبوو. پێشەوا و سەرکردەیەتیی ئەوکاتی کورد، سیستەمی کۆمارییان لە کوردستان دامەزراند. سیستەمی کۆماریی، لەگەڵ سیستەمی پاشایەتیی، دوو سیستەم و شێوەی دەسەڵاتدارێتیی جیاوازی سیاسین و، لەچوارچێوەی وڵاتێکی هاوبەشدا لەگەڵ یەک ناگونجێن.

* – نێوی حیزب لەوسەردەمەدا، "حیزبی دێمۆکراتی کوردستان" بوو، بەلام پاش ڕووخانی کۆمار، سەرکردەیەتیی حیزب لە کۆنگرەی سێیەم، نێوی گۆڕی و بوو بە (حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران).

هەموو ئەم بەڵگانەی سەرەوە ڕۆنیدەکەنەوە کە تەواوی ئەو پڕۆپاگەندانەی لەدژی کۆمار دەکرێن، ناڕاستن و، پێشەوا و سەرۆکایەتیی ئەودەمی کورد لە ڕۆژهەلات، دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردییان دامەزراندووە و، ئامانجی سەرەکیشیان ڕزگارکردنی هەموو کوردستانی گەورە بووە، ئەو بۆچوونەش بەزەقی لە نەخشەی کوردستانی گەورەدا دەخوێنرێتەوە، کە پێشەوا لە دیواری ژوورەکەی خۆی هەڵیواسیبوو.

لە سالانی کۆتایی سەتەی بیستەم، هەلێکی گەورەی دیکە بۆ کورد هەڵکەوت کە دەیتوانی بەرەو سەربەخۆیی و ڕزگاریی یەکجاریی ببات، ئەویش لە ئاکامی جەنگی دووەمی کەنداو و، ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ی باشووری کوردستان و، دیاریکردنی "هەرێمی نەفڕین" ەوە هاتەدی، کە بەهۆیەوە، سوپا و داوودەزگەی نگریسی بەعس، لەبەشێکی گەورەی باشووری کوردستان ڕامالدرا و، کوردستان کەوتەوە دەستی کورد خۆی. بە ئازادبوونی باشووری کوردستان، لای تێکڕای نەتەوەی کورد ئەو هیوایە دروست بوو، کە ئیدی سەردەمی کۆیلەتی و بندەستیی کۆتایی هاتووە و، ڕۆژانی ئازادی و سەرفرازی بەڕێوەن، بەلام ئەوە بوو هەردوو پارتە سەرەکییەکەی باشوور، لەباتی جێبەجێکردنی ویست و ئامانجەکانی شەهیدان و نەتەوەی کورد، کەوتنە دابەشکردنی گوند و شار و نێوچە و داهاتی کوردستان لەنێوان خۆیاندا و بەهەزاران چەکداریان لەیەکدی کوشت، پاشان کەوتنە هەوڵی بێوچان بۆ دامەزراندنەوەی سەرلەنوێی عێراق و، چەواشەکردنی گەلی کورد و، لەباربردنی ئەو دەرفەتە گەورەیە و، ئەو نیوچە کیان و سەربەخۆییەیان، گۆڕیەوە بە پووڵ و پارە و پلەوپایەی سیاسیی کاتی و، ناسنامەی عێراقییان دایەوە بەنێو تەوێڵی نەتەوەی خەمساردی کورددا و، لەوەڕامی هاوار و پەیامی نەتەوەییەکانی کوردیشدا، کەوتنە دژایەتیکردنیان و، بانگەشەی ئەوەوە کە: "سەربەخۆیی خەون و خەیاڵە و، قەت نایەتەدی!!".

لەدەستدانی ئەو نیوچە سەربەخۆییەی کورد لە باشوور، نەک لەسەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم، کە دواکەوتوویی کۆمەلایەتی و فەرهەنگی عەشیرەتی و خێڵەکی و دەرەبەگایەتی و نەخوێندەواری، باڵی بەسەر کوردستان و نێوچەکەدا کێشابوو و، بە دەیان نەتەوەی وەکو کورد هێشتا ڕزگاریان نەبوو و، لە بندەستیدا دەژیان، بەڵکو لەکات و زەمانێک ئەنجامدرا کە لە هەزارەی سێیەمی زاین و، لە چەرخی پێشکەوتن و سەتەلایت و ئینتەرنێت دا دەژین، لەسەردەمێکدا کە هەموو نەتەوەکانی ئازاد و خاوەن کیان و سەرفراز، بۆ پێشکەوتن لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و زانستیدا کەوتوونەتە ململانێ و پێشبڕکێوە، کەچی خوێندەوار و نەخوێندەواری کورد، لە کوردستان و لە پێتەختی وڵاتانی ئورووپا و ئەمریکا، بە "ئاڵای کوردستانەوە!!"، شایی و هەڵپەڕکێ بۆ لەدەستدانی سەربەخۆیی خۆی و، گەڕانەوە بۆ ژێر "ئاڵای بەعس" و، "عێراقی نوێ" دەگێڕێ!!؟؟

هەر بۆیە، ئەم پاشەکشە و، دوورکەوتنەوەیە لە باوەڕ و پرنسیپ و ئامانجەکانی نەتەوەی کورد، بەتەنێ داوێنی سەرکردەیەتیی ئێستای حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ناگرێتەوە، بەڵکو لە هەموو بەش و پارچەکانی کوردستاندا ئەم دیاردەیە لەمێژە جێکەوتووە و، بە هۆیەوە دەیان ساڵە، بزاڤی ڕزگاری نیشتمانیی کوردستان، لەلایەن حیزب و پارتە سیاسییەکانییەوە تووشی ئاڵۆزی و سەرلێشێواوی هاتووە و، بەردەوام لەنێو بازنەیەکی بۆشدا سوڕاوەتەوە.

بەکورتی، لەکۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی بەملاوە و، تا ئەوڕۆ، کە لەسەرەتای هەزارەی سێیەمی زایینیدا دەژین، خەبات و ڕاپەڕینەکانی گەلی کورد، بەرێگەی پارتی و حیزبە سیاسییەکانییەوە سەرپەرشتیکراوە، بەڵام ئەو خەباتە دوورودرێژە و، ئەو هەموو قوربانیدان و کارەساتانەی بەسەریهاتوون، نەبوونەتە هۆی پەرەسەندنی بیری نەتەوەیی و هەوێنی دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنالی کوردیی. هۆکەشی ئەوەیە سەرۆکایەتیی حیزب و پارتە سیاسییەکان، هەر یەکەیان وەک دەستە و گرووپی جیاواز کاریان کردووە و تەنێ بیریان لە دەسەلات و پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان و حیزب و دەستەکەی خۆیان کردووەتەوە و، مەبەستیان پێشخستنی فەرهەنگ و بیروباوەڕی نەتەوەیی نەبووە. ئەوەش وایکردووە کە لەماوەیەکی درێژخایاندا، فەرهەنگێکی دژێو و نانەتەوەییانە جێی فەرهەنگ و وێژەی نەتەوەیی بگرێتەوە و، پاوانخوازی و بەرژەوەندیی تاکەکەس و هۆز و بنەماڵە و حیزب و دەستەیەکی تایبەت بکرێنە ئامانج و ستراتیژ، نەک بەرژەوەندی و ئامانجە ڕەوا و پیرۆزەکانی نەتەوەی کورد. لەو پێناوەشدا بەداتاشینی تیۆری ناقۆلا و نەگونجاو و، چەواشەکردنی ئەندام و لایەنگر و خەلکەوە، ڕەوایەتیی (شرعیت) دراوە بە پێوەندیگرتن و یارمەتیوەرگرتنی مالی و هاوکاریکردن لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان و بەرپاکردنی شەڕی چەکداریی لەدژی حیزبی دیکە، یان بزاڤی بەشێکی دیکەی کوردستان. گوتنەوە و بانگەشەی وشە و دروشمە پیرۆزەکان و، بەڵێندان بە جەماوەری ڕاپەڕیوی کورد، تەنێ بەمەبەستی کۆکردنەوە و بەکارهێنانی جەماوەری ڕاپەڕیوی کورد، بۆ گەیشتن بە ئامانج و پلەوپایەی کەسی و بەهێزترکردنی حیزب و دەستە و دایرەی حیزبیی، ئەمانە بە تێکڕا، کارکردی زۆریان لەسەر لاوازبوونی هزر و هۆشیاری نەتەوەیی داناوە. ئەوەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامە کە، خەبات و قوربانیدانی بێئەژمار و بەرخۆدانی یەک لەدواییەک، مەرج و پێوانە نین بۆ سەرکەوتنی گەلێکی بندەست، بەڵکو مەرجی سەرەکی ئەوەیە، ستراتیژێکی دیاریکراوی سیاسیی هەبێ، ئاستی هۆشیاری سیاسیی خەلک لەسەرەوە بێ تا بتوانێ بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆی بناسێ!

سەرکردەیەتیی حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان، سالانی ساڵ، ئەرکی خەیاڵیی، نیشتەجێکردنی "ڕژێمی دێمۆکراسی" و دامەزراندنی "ڕژێمی کۆمۆنیستی" یان، لە وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بە ئەستۆی خۆیان گرتبوو، ئەوجارەیان لەژێر نێو و دروشمی "فیدراڵی" دا، وەک جاران، پێڕەوی لە بیرۆکەی ئێرانچێتی و ترکچێتی و سووریچێتی و عێراقچێتیی خۆیاندەکەن...

سەرکردەیەتیی کورد، بە درێژایی هەشتا ساڵ، وشەی سەرزاریان ئەوە بوو کە دەیانگوت: "ئێمە بە زۆر دابەشکراوین و، بارودۆخی دەرەوە لەبارنییە بۆ کوردا!"، بەلام ئێستا، کە ئالی نێونەتەوەیی و دەرەوە لەبارن بۆ کورد، سەرکردەکان، سەربەخۆیی کوردستانیان پێ کەمە و پێیان شەرمە و، باس لە سازکردنی فیدراسیۆنی گەلانی نێوچەی ڕۆژهەلاتی ناڤین و بەدێمۆکراسیکردنی سیستەمی گەلانی ڕۆژهەلاتی ناڤین دەکەن!!. ئەوەش تەنێ لەبێ بڕواییان بە بیری نەتەوەییەوە سەرچاوە دەگرێ و، لەنێو ڕووداوە سیاسییەکاندا، وەک گرتنی "ماسی لە ئاوی لێڵ" دا، تەنێ بەدوای دەستخستنی بەرژەوەندیی خۆیاندا دەگەڕێن. گەلێک مخابن، سەرەڕای سەرهەڵدانی گۆڕانکاریی گەورە لە نێوچەکەدا و، ڕەخسانی هەلی گەورە بۆ کورد، لە سیاسەتی ڕێکخراوەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش هیچ نەگۆڕاوە و، ئێستاش، بیری پاوانخوازی و شەڕ و ناکۆکی لەسەر دەسەلاتی حیزبی و، پڕۆپاگەندە و دژایەتیکردنی یەکدی وەک ڕابوردوو، "لە برەو دایە".

بە لێکدانەوەی بارودۆخی ئەوڕۆکەی کوردستان بەگشتیی، ئەرکی نەتەوەییەکان و نیشتمانپەوەران و خەباتکارانی ڕێگەی پیرۆزی ڕزگاریی کوردستان نەتەنێ کەمی نەکردووە، بەڵکو پتر و شێلگیرانەتر لە ڕابوردوو، دەبێ کار بکرێ بۆ پەرەپێدانی وێژە و فەرهەنگ و بیروباوەڕی نەتەوەیی و سازکرنی ڕێکخستنی نەتەوەیی لە هەموو بەشەکانی کوردستان.

لە شەستەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری سەربەخۆی کوردستاندا، یادی سەرکۆماری کوردستان، شەهید قازی محەمەد و هەموو شەهیدانی کۆمار بەرز و بەڕێز دەگرین و، ڕێگەی پیرۆزیان تا ڕزگارکرنی سەرتاسەری خاکی پیرۆزی نیشتمان، هەر بەردەوام دەبێ.

لە کۆتاییدا، با پێکەوە، سوێندخواردنی قازی محەمەد، ئەو کەڵە تێکۆشەرەی ڕێبازی سەربەخۆیی کورد و کوردستان بخوێنینەوە، کە ٦٠ ساڵ لەمەوبەر و، لەبەردم هەزاران کەسدا، ئەم پەیامەی بۆ نەتەوەی کورد خوێندەوە و گوتی:

«ئەمن بە خودا، بە کەلامی عەزیمی خودا، بە نیشتمان، بە شەرافەتی میللی کورد و بە ئالای موقەدەسی کوردستان سوێند دەخۆم کە تا ئاخر هەناسەی ژیانم و ڕژاندنی ئاخر تنۆکی خوێنم بە گیان و بە ماڵ لەڕێی ڕاگرتنی سەربەخۆیی و بەرزکردنەوەی ئالای کوردستان تێبکۆشم و نیسبەت بە رئیس جمهوری کوردستان و یەکێتیی کورد، مطیع و وەفادارېم».

هەزاران سلاو لە گیانی پاکی پێشەوا قازی و هەموو شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان!

پیرۆز بێت یادی ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان!

(*) - سەرچاوە (پەرتۆکی: ناسنامە و کێشەی ناسیۆنالی کورد - لاپەڕە ١٥٢، نووسینی پرۆفیسۆر دوکتۆر جەمال نەبەز).